زانیاری بۆ نەخۆش

نۆرینگەی ئامێل
(AMEL)

SÖS
SÖDERSJUKHUSET

نۆرینگەی ئامێل پێشوازی لەو کچان و ژنانە دەکات کە ئەزموونی سەقەتکردنی جنسی/خەتەنەکردنی ژنانیان هەیە. پێویستت بە ڕەوانەنامە (remiss) نییە بۆ ئەوەی بێیتە لامان. بەڵام بێگومان ڕەوانەنامە لە مامان، پزیشکی ژنان و پزیشکی ناوچەیی لە ناوەندی تەندروستی دایکان، بنکەی سەردانی گەنجان یان دامەزراوەکانی تری چاودێریی تەندروستی وەردەگرین.

سەقەتکردنی جنسی/خەتەنەکردنی ژنان چییە؟

لە سەقەتکردنی جنسیدا، بەشێک لە ئەندامی زاوزێی دەرەوەی کچ بڕدراوەتەوە و/یان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بێ ئەوەی هیچ هۆکارێکی پزیشکی هەبێت. ئەمە نەریتێکە کە لە زۆر وڵاتی جیاوازی جیهاندا هەیە. جگە لەو کێشە کتوپڕانەی کە لە پەیوەندی بە سەقەتکردنی جنسیدا ڕەنگە دروست ببن، ئەم دەستکارییە دەتوانێت لە دواتری ژیانیشدا ببێتە هۆی ئازار. جۆر و ئاستی ئازارەکان جیاوازن، بەپێی ئەوەی سەقەتکردنی جنسی چۆن کراوە و چ جۆرێک بووە.

هۆکارە باوەکان بۆ ئەوەی ژنان سەردانی ئێمە بکەن:

- زانیاری وەرگرتن دەربارەی ئەوەی لە کاتی خەتەنەکردنەکەدا چی کراوە
- ئازار لە کاتی جووتبووندا، بۆ نموونە ئەوەی تەنگ بێت و لە کاتی جووتبووندا ئازار هەبێت
- ئازار لە کاتی میزکردندا، بۆ نموونە ئەوەی بەتاڵکردنەوەی میزڵدان کاتێکی زۆری پێ بچێت یان میزەکە بە چەند ڕێچکەی جیاواز دەربچێت
- کێشە لە سووڕی مانگانەدا
- پرسیار سەبارەت بە زگپڕی و منداڵبوونی داهاتوو، بۆ نموونە ئەوەی چ ئامادەکارییەک پێویستە
- ئازارە پەیوەندیدارەکان بە کارکردنی سێکسی
- ئازاری دەروونی پەیوەندیدار بە سەقەتکردنی جنسی
- کێشە ژنپزیشکییەکانی تر کە خودی سەقەتکردنی جنسی هۆکاریان نییە

کێ لە نۆرینگەکە کار دەکات؟

لێرە پزیشکی ژنان، مامان، یاریدەدەری پەرستار و ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی کار دەکەن. کاتێک پێویست بێت، وەرگێڕی پیشەیی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بەکار دەهێنین، بۆ ئەوەی هیچ هەڵەتێگەیشتنێک ڕوونەدات. بێگومان هەموویان پابەندن بە ئەرکی نهێنی ڕاگرتن.

له یەکەم سەرداندا چی ڕوودەدات؟

له کاتی سەردانەکەدا چاوت بە پزیشکێکی ژنان دەکەوێت. دەتوانیت هۆکاری سەردانەکەت باس بکەیت و هەر ئازاریەکیش کە هەتە باس بکەیت. پزیشکەکە ڕوونت بۆ دەکاتەوە کە لە کاتی خەتەنەکردنەکەدا پێدەچێت چی کرابێت. هەروەها پێکهاتەی ئەندامەکانت ڕوون دەکاتەوە و باس لەوە دەکات کە بۆچی هەندێ ئازار ڕەنگە دروست بووبێت. پشکنینی نەخۆشی ژنان بە زۆری وەک شتێکی ناخۆش یان بەئازار هەست پێناکرێت، چونکە زۆرجار تەنها سەیرکردن و پشکنینی بەشە دەرەکییەکانی ئەندامی زاوزێ (زێ) بەسە.

دوای پشکنینەکە، ئەگەر پێویستت بە چارەسەر هەبێت، زانیاریت پێدەدرێت دەربارەی ئەو هەڵبژاردانەی چارەسەر کە ڕەنگە بۆت گونجاو بن. لە هەندێ حاڵەتدا، نەشتەرگەری دەتوانێت یەکێک لە هەڵبژاردەکان بێت. لەو حاڵەتەدا نەشتەرگەرییەکە لە سەردانی داهاتوودا ئەنجام دەدرێت.
هەندێ جار، بەپێی پێداویستی و خواستەکانت، ڕەنگە پێویست بێت پەیوەندیت لەگەڵ مامان یان ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی بەردەوام بێت.

VI ÄR EN DEL AV
REGION STOCKHOLM

ئایا پرسیارت هەیە؟

ئەگەر پرسیارت هەیە، فەرموو پەیوەندی بە نۆرینگەی ئامێلەوە بکە.
ژمارەی تەلەفۆن: 08-123 627 00

کاتەکانی تەلەفۆنکردن:

دووشەممە–پێنجشەممە: کاتژمێر 08.00–12.00 و 13.00–15.00
هەینی: کاتژمێر 08.00–12.00
دەتوانیت زانیاری زیاتر لە ماڵپەڕەکەمان بدۆزیتەوە.

ناونیشان: Södersjukhuset، نۆرینگەی ژنان (Gynekologiska mottagningen)
مێترۆ (T-bana): Skanstull
پاس (Buss): یان 74 168، 3 بەرەو Södersjukhuset
شەمەندەفەری ناوخۆیی (Pendeltåg): Södra station، دەرچوونی Rosenlundsgatan

خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکانی Vårdguiden

دەتوانیت لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوەش پەیوەندیمان پێوە بکەیت.
لە www.1177.se بچۆ ژوورەوە.
لە ڕێگەی خزمەتگوزارییەکانی 1177 Vårdguiden، ڕاوێژکاریت لە ٢٤ کاتژمێری شەو و ڕۆژدا پێشکەش دەکرێت.

Fotogruppen september 2026

SÖDERSJUKHUSET